ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
41
10 ی ئاب/ ئۆگەست 2022

## ترس لە ڕاپەڕین!



**موحسین کەریم**

دەسەڵاتدارانی کوردایەتی لە کوردستانی عێراق، هیچ گومانیان لەوە نەماوەتەوە کە ڕۆژێک دێت خەڵک لەدژیان ڕادەپەڕێت. ئەوان خۆشیان دەزانن چ ستەم و زوڵمێک لە خەڵک دەکەن. دەزانن نفوزی جەماوەریان و خۆشخەیاڵی خەڵک پێیان و بە دەسەڵاتە خۆماڵیەکەیان تارادەی نزیک لە سفر هاتۆتەخوارەوە. هیچ موعجیزەیەکیش ئەمە پێچەوانە ناکاتەوە. دەزانن کە تورەیی خەڵک لە دەسەڵاتەکەیان گەیشتۆتە چ ڕادەیەک! ئەوەشی تائێستا ئەوانی وەکو فەرمانڕەوای کوردستان هێشتۆتەوە ، لەلایەکەوە ڕێکخراونەبوونی جەماوەری ناڕازی و تورەیە، کە بەرامبەر بە هێزێکی ڕێکخراوی خاوەن دەیان هەزار چەکدار و دەیان دەزگای سەرکوت و پۆلیسی و جاسوسی وەستاوەتەوە، کە هەموو کاتێک ئاکامی ڕەنج و قوربانی و فیداکاریەکانی بەپاشەکشەو بگرە بە شکست کۆتایی دێت. لەلایەکی دیکەوە زاڵنەبوونی ئاسۆی سیاسی سۆشیالیستی لەناو هوشیاری سیاسی ئەواندا، وایکردوە ناوبەناو هێزێکی بۆرژوازی لەناو ئۆپۆزیسۆنەوە سەردەربهێنێت و بەناوی بەرگریکردن لە بەرژەوەندی ئەوانەوە، جەماوەر لە هێڵی شۆرشگێرانە دووربخاتەوەو بیانباتەوە ناو هەمان سیستەمی سیاسی کە خەڵک

بۆ لاپەڕە ٢

**بەیاننامەی کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە ڕەشبگیریەکانی ڕۆژانی ڕابردووی سلێمانی** .....لاپەڕە ٩

**بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەپەیوەند بە بانگەوازی بزوتنەوەی "نەوەی نوێ" وە بۆ خۆپیشاندان!** ....دوالاپەڕە



## گفتوی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ

**خەسرەو سایە**

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب

سەبارەت بە:

داگیرکردنی پەرلەمان لەلایەن لایەنگرانی موقتەدا سەدرو کێشەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق!

بۆ لاپەڕە ٣



## سەبارەت بە بانگەوازی شاسوار بۆ خۆپیشاندان!

**وەستا مەهدی ڕەسوڵ**

بۆ لاپەڕە ٦



## لە سیڤەرەوە بۆ لۆزان، بەدرۆخستنەوەی چەواشەکاریەکان!

**مستەفا باهیر**

بۆ لاپەڕە ٧



## ڕاپەڕینی خەڵکی سریلانکا و دوبارەبوونەوەی ڕاستیەک!

**نوری بەشیر**

بۆ لاپەڕە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی...... ترس لە ڕاپەڕین!

ڕەخنەی لێی هەیەو خوازیاری کۆتایی هاتنیەتی! ئەوەش بێئومیدی و بێبڕوایی لەناو خەڵکدا پەرە پێدەدات و بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری تووشی ساردی و سڕبوون دەکات! بێجگە لەوانە هەمیشە هێزی سەرکوتیان ئامادەیە کەهەر جوڵەیەکی بچووک و گەورەی جەماوەر بە فیشەک وەڵام بدەنەوە.

هەموو ئەو فاکتەرانە پێویستی ئەوە دەخەنە بەردەم خەڵک و بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کە دەبێ ئەوانیش وەکو دوژمنەکانیان ڕێکخراو و چەکداربن، چەکدار بن بە هێڵی سیاسی شۆڕشگێڕانەو چینایەتی خۆیان و لە ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەریە چینایەتیەکانی خۆیان، خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو ڕووبەڕوونەوەیە کە بێگومان ڕۆژێک هەر پێی دەگەن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی کوردایەتیدا.

سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی کورد خۆشیان ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە ڕۆژێک خەڵک لە دەسەڵاتەکەیان ڕادەپەڕێت. تازەترین دەربڕین لەلایەن لاهوری شێخ جەنگیەوە بوو کە ووتی ئەگەر چاکسازی نەکرێت ڕەنگە ڕاپەڕینی چەکداری ڕووبدات. بەڵام دیارە دەسەڵاتدارانی بزوتنەوەی کوردایەتی پێیانوایە کە دەتوانن زەبری هێزی میلیشیاکانیان و لاوازی سیاسی و ڕێکخراوەیی بزوتنەوەی جەماوەری و هاوکات ئەو نەخشەی کە ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی دەیبینێ بۆ هەڵمژینی توڕەیی و بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتی خەڵک و قەتیش هێشتنەوەی لەناو چوارچێوەی هەڵبژاردن و پەرلەماندا تاسەر کاری خۆی دەکات! بەڵام چ ژیانی ڕاستەقینەی خەڵک و توندبوونەوەی ناڕەزایەتیاکان سەرباری ئەو کەموکوڕیانەشی کە هەیەتی، چ دوورکەتنەوەی خەڵک لە شانۆگەری هەڵبژاردن و پەرلەمان و چ ڕیسوابوونی هەنگاو بەهەنگاوی هێزە بۆرژواییە ئۆپۆزیسۆنەکان، ئەوە دەردەخات کە ئەم لاشە بۆگەنبووەی دەسەڵاتی کوردایەتی ناتوانێ بۆماوەیەکی زۆر خەڵک هەراسان بکات! جەماوەر ڕاپەڕینێکی لەپێشە، بەڵام بۆئەوەی سیناریۆکانی خرۆشان و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی وولاتانی ناوچەکەو کوردستان و عێراقیش دوبارە نەبێتەوەو لەناو خێزانی بۆرژوازی کوردەوە کەس و هێزێک وەکو فریادەڕەسی خەڵک خۆی نەکاتەوە بە فەرمانڕوا بەسەر سەری خەڵکەوەو هەمان ژیانی کوێرەوەری و بێمافی و بێدەرەتانیان بەناوی شۆڕش و ڕاپەڕینەوە نەکاتەوە بە نسیبیان، ئەوا دەبێت هەر لەئێستاوە خەڵک خۆیان بۆ ڕاپەڕینێکی هوشیارانە ئامادە بکەن. خۆیان ڕێک خەن. شورا و سەندیکاو ڕێکخراوە جەماوەیەکانی خۆیان دابمەزرێنن. هوشیاری سیاسی چینایەتیان بەرەوپێش بەرن و لە دەوری ئاسۆی سیاسی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی کۆببنەوەو ڕێکخراو بن. ئەوەش ئەرکی ئێمە کۆمۆنیستەکانە کە ئەو پێداویستیانەی خەباتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دابین و مسۆگەر بکەین.

★

---

لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری نازازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی تێی کەوتوون، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کە نەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی کۆتایی پێبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنێ کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە جێبەجێبکات.

---

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤاییەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

---

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی:
خەسرەو سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
جەمال موحسین
مۆبایل:004747276028
Email:skrtariati.ms@gmail.com

# گفتوی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە داگیرکردنی پەرلەمان لەلایەن لایەنگرانی موقتەدا سەدرو کێشەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق !

**ئۆکتۆبەر: لە کۆتایی مانگی تەموزدا و بۆماوەی چەندرۆژ لایەنگرانی موقتەدا سەدر بینای پەرلەمانی عێراقیان داگیرکرد. ئەوەش دوای ئەوە هات کە لایەنی نەیاری؛ واتە چوارچێوەی هەماهەنگی هێزە شێعەکان بڕیاربوو حکومەت بەبێ ئەوان پێکبهێنن! ئەوکارەی موقتەدا سەدر لەلایەکەوە پیشاندانی هێز بوو، هاوکاتیش وەکو تاکتیکێک بەکاربرا بۆ ڕێگاگرتن لە کۆبونەوەی پەرلەمان و بەئاکام گەیاندنی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمارو دواتریش پێکهێنانی حکومەت! ئێوە چۆن سەیری ئەم ڕوداوە دەکەن؟**

خسرەو سایە: ڕیشەی ئەم ڕووداوانە لەو قەیرانە سیاسی و حکومەتیەدایە کەهێزە بۆرژوایەکان و باڵەکانی شیعەی خستۆتە بەرامبەر بەیەکەوە. قەیرانێک کەخۆی لەبونیادی پێکهاتنی حکومەتێکدایە کەئەمریکا بەناوی دیموکراسیەوە، لەسەر بنەمای بەشبەشێنەی قەومی و تایفەگەری و هێزی میلیشیاییان دایمەزراند. حکومەت و سیستەمێک کە سەراپا ناکۆکە لەگەڵ ئومێدو ئارەزوو و خواستەکانی جەماوەری زەحمەتکێشدا، هەرزوو کەوتە دژایەتیکردنی نارەزایەتیەکانی خەڵک کە بۆ نان و کارو ئەمنیەت و ئازادی مەیدانی شارەکانی گرتەوە. ڕوداوەکانی ئەم دواییانەی عێراق و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە ڕەوتی سەدر گرتیەبەر، دەورەیەکی تر لە کێشمەکێشەکانی باڵەکانی بۆرژوازی بەقەومی و تایفەگەریەوە، نمایش دەکات بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو قەیرانە حکومەتیەی کە لەعیراقدا ساڵانێکە لەئارادایەو لەبەڕێوەبرنی کۆمەلگاو وەلامدانەوە بە خواست و مەسەلەکانی جەماوەر ڕووبەڕوی ناکامی و بنبەست بۆتەوە.

لەسەرێکیترەوە ئەم ڕووداوانە، بەدوای هەلبژاردنی پەرلەمانی عێراق و شکستی هەولەکانی بۆرژوازی بەپشتیوانی ئەمریکا بۆ پیکهینانی حکومەتێکی تازە، سەری هەڵداوە. بەتایبەتی کە کۆتاییهاتنی شەری داعش و جەنگی بە وەکالەت، بۆرژوازی عێراقی خستەسەر ڕێچکەی پێکهێنانی حکومەتێک کە کۆتایی بەبەشبەشینە بهێنی و هێزە میلیشیاییەکان دەستکۆتا بکرێن. حکومەتێکی پایەدار کە لانیکەم بتوانێ دەسەڵاتەکانی بەسەر کۆمەلگادا جیگیر بکاو فەزای ئارام لەبەردەم بازاڕی کارو سەرمایەو ڕوتێکردنی سەرمایەی دەرەکی لەبازاڕی جیهانیەوە ئامادەبکات. خودی دروشمەکەی سەدر"حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی" لەبەرامبەر نەیارەکانیدا، کەخوازیاری "حکومەتێکی تەوافقی" بوون ئەم ڕاستیە دەردەخات. بەلام پێکهێنانی حکومەتێکی مەتلوب بۆ بۆرژوازی لەعیراقدا، کەکۆتایی بەبەشبەشێنە بهێنی، لەدۆخێکدا کە نفوزی ئیران و تورکیا لەعێراقدا لەئارادایە، بەدڵنیایەوە، ڕەوتگەلێک دەخاتە بەردەم تەنگانەوە و دەبێ لە هاوکێشەی هیزەکان بکرێنەدەرەوە وەیا پاشەکشەیەکیان بەسەردا داسەپێندرێت، کە هەرگیز لایەنەکانی تر لەوانە "چوارچیوەی هەماهەنگی و حەشدی شەعبی" ئەمە قەبوڵ ناکەن. نەتوانینی سەدر لەپێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی نیشتمانیدا و پاشان کشانەوە لەپەرلەمان وئینجا هەولەکانی مالیکی وحەکیم و تالەبانی لەچوارچیوەی هاوئاهەنگیدا بۆ پێکهێنانی حکومەت، کەکاردانەوەی ڕەوتی سەدری لێکەوتەوە، خۆی نیشانەی ئەم دۆخە و توندوبوونەوەی کێشمەکێشی لایەنەکانە لەجەرگەی ئەو قەیرانە حکومەتیەدا کەئاماژەمان پێکرد.

**ئۆکتۆبەر: ئایا ئێوە پێتانوایە ئامانجی ڕاستەقینەی موقتەدا سەدر بەرگری لە مافەکانی خەڵک و دژی گەندەڵی حکومەتە یاخود هێزنیشاندان بووە بە نەیارەکانی و شەڕیان لەسەر دەسەڵاتە؟ ئایا بەڕای ئێوە پەیامەکەی گەیشتوە بۆیە کۆتایی بەو خۆپیشاندان و هیزنواندنە هێنا، یاخود مەترسی ڕودانی شەڕی ناوخۆ لەناو هەردوو بەرەی نەیاردا، یاخود هەڕەشەکانی ئێران لە موقتەدا کۆتایی بەو وەزعە هێنا؟**

خسرەو سایە: هەر حزبێکی بۆرژوازی بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانی، بەناوی خەڵک و خواستەکانیانەوە کاردەکات. موقتەدا سەدر کەخۆی کۆرپەی باوەشی سیستەم و دەسەڵاتێکەو خۆی قاچی لەو گەندەڵی و تالانیەدایە کە لایەنەکانی بەشدار لەپرۆسەی سیاسیدا لەسەری دەلەوەڕن، ناتوانێت بەدەربێت لەو تاوان و سەرکوت و گێژاوە ئەمنیەی کە لەعێراقدا هەیە. ڕەوتی سەدر کە وەزیری لەحکومەتدا هەبوەو دەیان بەڕیوەبەرایەتی لەدەستدایە و خاوەنی هێزی چەکدارو "سەرایای سەلام"ە و ئیمکاناتێکی دارایی لەبەردەستە و ئەمریکاو دەوڵەتانی عەرەبی پشتیوانی لیدەکەن، بەم حاڵەوە بەشێک بووە لەسەرکوتکردنی نارەزایەتیەکانی جەماوەر، بەتایبەتی لەراپەڕینی تشریندا، کاتێک "کلاو شینەکان"ی بەردایە خۆپیشاندەران،

چۆن دەتوانێت لە گەندەڵی و تاوانو سەرکوتگەری خۆی ڕەهاکات. بەدڵنیاییەوە ئەو ئیدعایانەی کەسەدر دەیکات، لەدژی گەندەڵی و ئەو بێمافیەی کە دەسەڵاتداران و لایەنە قەومی و تایفەگەریەکان و هێزە میلیشیایەکانیان بەسەر خەڵکدا دایانسەپاندووە، تەنها پروپاگەندەیەکی پێچەوانەیە بۆ پاساوی جەنگێک کە لەسەر دەسەڵات بەرپێخستوە، ئەمەش هیچ پەیوەندیێکی بە بنبڕکردنی گەندەڵی وتاوان و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و مافەکانی خەڵکەوە نیە. لەراستیدا ئەم پروپاگەندانەو ئەم کردەوانەی سەدر لەبنەڕەتەوە کودەتایەکە بەسەر نارەزایەتیەکانی جەماوەری نارازی و بەرەودانە بەخۆشخەیاڵی لەنیویاندا و هەوڵێکە بۆ بەلاڕێدابردنی خەباتی جەماوەری کەدەسەڵاتی ئێستای کردۆتە نیشانە.

لەبارەی ئەگەری رودانی شەری ناوخۆشەوە، بەدڵناییەوە ئەمە یەک مەترسی و ئەگەرە، بەلام لەئێستادا کەهەموو لایەنەکان ڕایانگەیاندووە پشتیوانی لە"گۆرانکاری مەدەنی و ئاشتیانە" دەکەن، بەڵگەیە بۆئەوەی کەباڵەکانی بۆرژوازی نایانەوێت بەشێوەی چەکداری بکەونە بەرامبەر بەیەکەوە، بەتایبەتی کەنارەزایەتی جەماوەری لەمەیداندایە ودۆخی ناهەمواری ژیان و گوزەرانی خەڵکی زەحمەتکێش بوار بە ئەگەری هەڵایسانی شەری نیوخۆ نادات. نابێ ئەوەش لەبیر بکەین دۆخی عێراق کەبەشێکە لەدۆخی ناوچەکە، لەئێستادا هەموو دەولەتان لەپێشیانەوە ئەمریکاو ئەوروپا وسعودیە وقەتەر، لەوخالەدا هاوبەشن ئەویش گێرانەوەی سیستەمێکی ئەمنیە بۆ ناوچەی کەنداو کەعیراق تێدا میحوەرە، تا ئارامی لەبەردەم جوڵەی سەرمایەکاندا دابین بکات. ئەمە بەومانایەی کەهەمولایەک لەهەوڵی ئەوەدان پێش بەجەنگ و نائارامی زیاتر بگرن و بەشێوەیەک لەشیوەکان عیراق وناوچەکە لە پێکدادان و نائارامی دوربخەنەوە.

لەپەیوەند بەدوا بەشی پرسیارەکەتانەوە، بەدڵنیایەوە ئێران کاریگەری لەسەر دۆخی عێراق هەیە. هەرەشەکانی لەموقتەدا سەدریش پێموایە بۆئەوەیە دۆخەکە قوڵتر نەکاتەوەو سنورێکی بۆدابنێت تا لایەنەکان لەسەر ریگاچارەیەک ڕیکبکەون. سەرەرای هەوڵەکانی ئەمریکاو ئێران کە هەردولایان دەیانەوێت دۆخەکە ئارام بکەنەوەو لەو قەیرانەی دەسەڵات تێیکەوتووە دەرچن، بەلام ئەو کێشە ئابوری و سیاسیانەی کەیەخەی بەحوکمەتی عێراق گرتوە و ئەو ناکۆکیانەی کەلەنیوان باڵەکانی بۆرژوازیدا هەیە سادە نیە کۆتایی بە کێشمەکێشەکانی ئێستا بهێنێت.

**ئۆکتۆبەر: لەئێستادا رەوتی سەدر پێشنیاری دوبارە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان دەکات، تاچەند ئەم ڕێگا چارەیە چانسی هەیە سەربگرێت؟ ئایا هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان دۆخەکە چارەسەردەکات؟**

خسرەو سایە: ئاماژەکان تائێستا وانیشان دەدات کەبەشێک لەلایەنەکان پێشوازیان لەپێشنیارەکەی سەدر بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە کردوەو ئەوانەی تریش ڕاشکاوانە دژایەتیان دەرنەبریوە. تەنانەت خودی ئەمریکا خۆیی و نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکانیش،"بلاسخارت" ئەم داوایەی سەدریان ڕەت نەکردۆتەوە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە پێشنیاری "هەڵبژاردنی پێشوەختە" بۆ ڕاکێشانەوەی سەدرە بۆ نێو پرۆسەی سیاسی و خاوکردنەوەی کێشمەکێشی لایەنەکان و گەیشتنە بەدانوسان و تەوافق. بائەوەش بڵێم کە لەبەرنامەی ڕەوتی سەدر دا نیە شۆڕش بەسەر گشت ئەو سیستەم و دەسەڵاتەدا بکات، کەخۆی بەشێکە لیی. باسی چاکسازی کەرۆژانە لەدەمی سەدرەوە رادەگەیەندرێت، هەرئەو سیاسەتەی لێدەردێت کە بەتەوافق بگات لەگەڵ نەیارەکانیدا.

بەلام ئەوەی کە "هەڵبژاردنی پێشوەختە" دۆخەکە چارەسەردەکات یان نا، بەبڕوای من لەئەگەری قەبولکردنی ئەم پێشنیارەی سەدردا، لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە، ئەوا ئەو ململانێی و کێشمەکێشەی کە لەسەر دەسەڵات هەیە دەبێتە قۆناغێکی ترەوەو ئەمجارە لەسەر یاسای هەڵبژاردن، پێکهاتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و کاتو شیوازی هەڵبژاردنەکە دێتە ئاراوەو مەعلومیش نیە کەلەڕووی یاساییەوە، (لەکاتێکدا کە حکومەتی کاربەڕێکەر و سەرۆک کۆماری ماوەبەسەرچوو لەئارادایە)، چۆن ئەم بابەتە پینەدەکەن. بەدڵنیاییەوە هەڵبژاردنی پێشوەختە نەکێشە سیاسیەکان و نە ئەو قەیرانە حکومەتی و ئابوریەی بۆرژوازی و چینی دەسەڵاتدار لەعێراقدا تێیدا چەقیوە، چارەسەر ناکات. بەبڕوای من هەڵبژاردنی پێشوەختە زیاتر پرۆژەیەکە لەبەرامبەر ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیەدایە کە لەدژی سەرتاپای دۆخەکە بۆ خواستی نان و کارو خزمەتگوزەرانی، رۆژانە یەخەی دەسەڵاتی گرتووە، تا لەچاوەروانیدا بەدیار هەڵبژاردنەوە ڕای بگرێ و گیرۆدەی بکات بەخۆشخەیاڵی.

**ئۆکتۆبەر: بێگومان هەر گۆڕانکاریەک لە بارودۆخی سیاسی عێراق، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی و پرسی دەسەڵات لە کوردستان هەیە. لەئەگەری قوڵبونەوەی کێشەکان و تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق کاریگەری ڕاستەوخۆ ناکاتە سەر دۆخی سیاسی کوردستانیش. بەتایبەتی کاریگەری خراپ لەسەر ژیان وبژێوی خەڵک؟**

خسرەو سایە: بەدڵنیاییەوە تێکچون وخراپبوونی دۆخی عیراق و ئەو قەیرانە حکومی و ئابوریەی کەهەیە، هەروەها ئەو کێشمەکێش و ناکۆکیانەی کەلەئێستادا لەنیوان ڕەوتی سەدرو چوراچیوەی هاوئاهەنگیدا، خۆی دەرخستوە، کوردستانی لێبەدەرنابێت. لەرویەکەوە ئەم

رووداوانەی بەغدا، دەبێتەهۆی پەککەوتنی جوڵەی بازرگانی و هێنان و بردنی کاڵا لەهەردو سەرەوە، ئەمەش بازاڕ سست دەکاو دەیخاتەحاڵەتی چاوەڕوانیەوە. هەروەها بەهۆی کێشەی نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی عیراقەوە، مەسەلەکانی وەک موچەی فەرمانبەران، دەرمان و پیویستەیە تەندروستیەکان و خۆراکی مانگانەو.. هتد رووبەڕوی گرفت دەکاتەوە.. یەکێک لەئاکامەکانی ئەمانەش سەرهەڵدانی گرانی و بێبازاڕی و زۆربوونی بێکاریە. لەڕووی سیاسیشەوە ئەم دۆخەی ئێستا کە لەعیراقدا هەیە، قاچی ئەحزابی ناسیونالیست و بگرە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیشی تێدایە و ناچاریان دەکات لەدەوری هێزە عیراقیەکان ڕیز ببەستن ودابەش ببن بەسەر لایەنە ناکۆکەکاندا. هەرئێستا بەهۆی ئەوەی کەسەدر لەپەرلەمان کشاوەتەوە، پارتی گیرۆدەکردوە بەچاوەڕوانی، چونکە ئەو هاوپەیمانێتیەی کە لەگەڵ حەلبوسی و سەدردا هەیبوو، کەوتۆتە حاڵەتی نەمانەوە. قسەکانی ئەم دواییەی فازل میرانی و ڕەخنەکانی لەسەدر، بەڕۆشنی ئەو نیگەرانیەی پیوەدیارە کەچۆن بارزانی و پارتی لەچاوەڕوانیدا کات دەکوژن. یەکیتی نیشتمانیش کە بەرلەڕووداوەکان کەوتبوە شوێنی پۆستی سەرۆک کۆمارەوە و ئامادەنەبوو بەرێکەوتن لەگەڵ پارتیدا، ئێستا پاقل تاڵەبانی لەگەڵ مەسعود بەرزانی کۆدەبێتەوە تا"هاوهەڵویستی لەگەڵ پارتیدا" بەدەستبهێنی.

بەجیا لەمانە حزبەکانی دەسەڵات کە باس لەستراتیژ"ی خۆیان لەبەغدا" دەکەن ولایەنەکانی تریش "ڕیگای بەغدا" بەچارەسەر دەزانن، بەهۆی ئەم ڕووداوانەو توندبوونەوەی ناکۆکی نێوان باڵەکانی شیعەوە، دەستێکیان کەوتۆتە ئەملاو دەستێکی تریان کەوتۆتە ئەولا. بەمەش قەڵشتی نیوانیان قوڵتر دەبێ و زەحمەتە بتوانن لەسەر کێشەکانی کوردستان لێکنزیکببنەوە. لەلایەکی ترەوە لەئارادابوونی کێشەکانی هەریم و بەغدا، لەوانە مەسەلەی نەوت و گاز، دەخاڵەتی تورکیاو ئیران، کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان، مەسەلەی داهات و بەشە بودجەی هەرێم لەبەغدا.. ئەمانە بەگشتی دەکەونە ژێرسایەی ئەو دۆخەوە کە لەعیراقدا هەیە و چارەسەرکردنیان لەمەحاڵ نزیک دەکاتەوە.. بەکورتی ئەگەر بڵێم ڕوداوەکانی ئەمڕۆی عیراق، کوردستانیش پەلکێشی ئەو گێژاوە دەکاو بەدیار یەکلابوونەوەی دۆخێکەوە ڕای دەگرێ کە ئاسۆی چارەسەری لەبەردەمدا نیە. هەموو ئەمانەش بەخراپ بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەشکێتەوە.

بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کەبزوتنەوەیەکی نارەزایەتی و جەماوەری کە ئەمڕۆ لەشارەکانی عیراق و کوردستاندا هەیە و لەناوەڕۆکدا هەردولایان ڕوویان لەوەلانانی دەسەڵات کردوە و هەردولایان لەڕووی خواستەکانیانەوە هاوبەشێتی زۆریان هەیە، ئەم بزوتنەوەیە لێکنزیکتر دەکاتەوەو ئەو کەلینەی کە ناسیونالیزمی کورد دروستی کردوە، کاڵتردەبێتەوە و لەحاڵەتی درێژەکێشانی قەیرانی حکومەتی لەعێراق وکوردستاندا، هەروەها لەحاڵەتی بەردەوامی نارەزایەتیەکاندا، بزوتنەوەی جەماوەری لەکوردستان فرسەتی واقعی بۆ هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی لەگەڵ باقی شارەکانی عێراقدا دێتەدەست. ئەمەش ئەو خاڵەیە کەدەبێ کۆمۆنیستەکان وهەڵسوراوانی نارەزایەتیەکان چاوی تێببڕن.

**ئۆکتۆبەر: نەوەی نوێ، بەدوای خۆپیشاندانەکانی لایەنگرانی سەدر، بانگەوازی خۆپیشاندانی سەراسەری کرد، گوایە دژی گەندەڵی و بێمافی خەڵک و ستەمی پارتی و یەکێتی لە خەڵک. لێکدانەوەی ئێوە بۆئەم جۆرە بانگەوازو هەڵوێستە سیاسیە چیە کە هێزێکی وەکو نەوەی نوێ پەنای بۆدەبات؟ چەندە لەبەرژەوەندی خەڵکە؟ ئایا بەراستی ئەمە فرسەتێکە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی خەڵک دژ بە دەسەڵاتی گەندەڵ و مافیایی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان؟**

خەسرەوسایە: ئەو خۆپیشاندانەی نەوەی نوێ بانگەوازی بۆکرد، بەهیچ جۆرێک نە تەعبیرە لە خواستەکانی خەڵک و نە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیانە، بەڵکو یەک ئاکسیۆنی حزبی بوو کە هاودەنگ لەگەڵ گرتنی پەرلەمانی عێراق لەلایەن سەدرەوە، دەستی بۆبرد، گوایە لەو هێزهاوسەنگەیەی کەسەدریەکان دروستیان کردوە دەتوانێ بە ئاکسیۆنێکی حزبی فشارێک بخاتە سەر دەسەلات تا هەڵبژاردنەکان لەهەرێم خیرا و زوتربکاتەوە. دیارە نەوەی نوێ پیویستی بەم کارەیە تا دەنگو کورسیەکانی خۆی پێ زیاد بکات، بۆ ئەم مەبەستەشی خواست و تورەیی بەرهەقی زەحمەتکێشانی کردە ئامرازێک. ئەمە لەکاتێکدایە کەنارەزایەتی خەڵک بەشیوازی خۆی و لەدەوری خواستەکانیان بەسەربەخۆ بونی هەبوەو هەیە. بڕیاریش نیە خەڵک داوای نان و کار لەحکومەتێکی سەرمایەدارو خاوەن کۆمپانیاکان بکات و بچێتە سەنگەری سەرمایەدراو خاوەن کۆمپانیایەکی وەک شاسوار عەبدولواحیدەوە کەخۆی کورپەی باوەشی هەرئەم سیستەم و دەسەلاتەیە. بەبڕوای من خەڵکی ناڕازی کوردستان ئەگەر بیانەوێت بەخواستەکانی خۆیان بگەن، دەبێ لەجولانەوەیەکی سەربەخۆی خۆیاندا و بەدەر لەحزبەکانی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن پێبنێنە مەیدانەوە. نابێ ڕیگابدەن ببنە لەشکری لایەنێکی وەک نەوەی نوێ تا هەڵبژاردن لەهەرێم پێشبخرێ. بەتایبەتی نەک هەر هەڵبژاردن ئێستا بکرێ وەیا دوابخرێ، بەڵکو گشت پەرلەمان و حکومەتێک کەئەم حزبانە کایەی تێدادەکەن، لەدژی ژیان و داخوازیەکانی ئەوانە و ئەزمونی سی ساڵی رابردوش ئەم راستیەی چەندین جار سەلماندووە.

★

# سەبارەت بە بانگەوازی شاسوار بۆ خۆپیشاندان!

## وەستا مەهدی ڕەسوڵ

قوڵبونەوەی قەیرانی سیاسی لە عێراق دوای هەڵبژاردنی پێشوەخت کە بۆ دەربازکردنی سیستەمی سیاسی لەژێر زەبری خرۆشانی جەماوەری عێراق و هیشتنەوەی دەسەڵاتداریەتی ئەحزابی میلیشیایی وبەردەوامیدان بە تالانجێتی وهەڵلوشینی بەری ڕەنجی ملیونەها کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق، ئەنجام درا، سەرجەم بارودۆخی سیاسی عێراقی لەسەر لێواری تەقینەوە داناوە.

ئەگەرچی هەڵبژاردنی پێشوەخت، لەلایەن زۆربەی خەڵکی عێراقەوە ڕەدکرایەوە، بەڵام بووە جێگای ستایشی نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان و دبلۆماتکارەکانی ولاتان لە عێراق! هێزە سیاسیەکانیش پێیانوابوو ئەمجارەش توانیویانە دەربازیان بێت و لە سەرهەمان سیستەمی پێشوو و لەسەر بنەمای بەشبەشێنەی نەتەوەیی- تائیفی دەسەڵاتی خۆیان درێژە پێبدەن! بەڵام ئەوەی کە ڕوویدا ئەو خەونەی بۆرجوازی بوو. ئەوەتا دوای نزیکەی ساڵێک لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن هێشتا نەیانتوانیوە حوکمەت پێک بهێنن. بگرە دووهێندەی جاران قەڵشتوناکۆکی کەوتۆتە نێوان کوتلەکانی بەشدار لە سیستەمی سیاسیدا. تا کارگەیشت بەوەی سەدر ئەندام پەرلەمانەکانی بکشێنێتەوەو دواتریش لایەنگرانی بنێرێتە ناو پەرلەمان و داگیری بکەن.

دوای ئەو ڕوداوانەی عێراق، شاسوار عبدلواحیدیش بە لاسایی کردنەوەی موقتەدا سەدر، ویستی کە بەختی خۆی تاقی بکاتەوەو سوود لەو هەلومەرجەی لە عێراق هاتۆتەپێشەوە وەربگرێ، ئەویش بەوەی کە لەسەر بنەمای تورەیی و نارەزایەتیەکان کە لەناو خەلکی کوردستاندا بەرامبەر بە دەسەڵاتی گەندەڵ و تالانچی یەکێتی و پارتی و هاوئاوزەکانیان، هەیە بانگەوازی خەڵک بکات بۆ خۆپیشاندان تا هێزی خۆی بەرامبەر بە یەکێتی و پارتی نیشان بدات!

بێگومان شاسوار و نەوەی نوێ وەکو هەر کەسایەتیەکی سیاسی و هەر حزبێکی سیاسی بۆرژوازی دەیەوێت لە گەمەی سیاسی کەنار نەکەوێت و لە هاوچینەکانی دانەبڕێت. دەیەوێت لە نەخشەی سیاسی عێراق و لە دابەشکردنی کێکی دەسەڵاتدا بەشداربێت و بەشی خۆی پێببرێت. هەروەکو چۆن تائێستا لە بارودۆخی سیاسی و ئابوری کوردستان و عێراق سوودمەندە بووەو چەندین ملیۆن دۆلار سەرمایەی پێکەوە ناوە، ئێستاش لە کۆشکی ئالتونیەوە بانگەوازی خۆپیشاندان و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی برسی و زەحمەتکێش دەکات تا بەسەر سەری نارەزایەتی و قوربانیەکانی خەڵکدا بەرەو ئامانجەکانی خۆی هەنگاو بنێت.

شاسوار و بزوتنەوەی نەوەی نوێ دژایەتیان لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی و ئابوری کوردستاندا نیە. دژایەتی لەگەڵ نایەکسانی و ستەمی چینایەتی و بێمافیەکانی خەڵکدا نیە کە چینی بۆرژوازی کوردو دەسەڵاتە سیاسیەکەی بەسەر خەڵکدا سەپاندویانە. بەڵکو دژایەتی لەگەڵ یەکێتی و پارتی لەسەر بەشی خۆیەتی لە داهات و دەسەڵاتی کوردستاندا، هەروەکو بزوتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان کە خۆیان وەکو ڕزگاریبەخشی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و مافخوراو ناوزەد دەکرد و سەرەنجام دەرکەوت کە ئاکامەکەی بەکوێ گەیشت! شاسوار و نەوەی نوێ کاریکاتۆرێکی دوبارەی بێتامی نەوشیروان و بزوتنەوەی گۆران!

شاسوار و نەوەی نوێ وەکو هەر هێزێکی پۆپۆلیست، دروست بەهەمان شێوەی موقتەدا سەدر چۆن خۆی وەکو نوێنەری دژی گەندەڵی و بەرگیرکاری مافەکانی خەڵکی عێراق هەڵدەدات، لەکاتێکدا خۆی و ڕەوتەکەی هاوشانی هەر ئەو هێزانەی بە گەندەڵ ناویان دەبات ساڵانێکە داهاتی عێراق هەڵدەلوشن و کرێی لایەنگران و دەیان هەزار چەکداری سەرایای سەلام دابین دەکەن، ئەمانیش بەهەمانشێوە دەیانەوێ خۆیان بە خواستەکانی خەڵکی هەژار و بێبەشی کوردستانەوە هەڵبەسواسن و تەنها ئامانجیشیان ئەوەیە وەکو سەدر کە تەنها هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێتەوە تا بەڵکو ئەمان چەند کورسیەکی پەرلەمان زیاد بکەن و بەشێکی زیاتریان لە دەسەڵات دەست بکەوێ و بەوجۆرە پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان و سەرمایەکانیان بکەن.

کۆمپانیاکانی شاسواریش وەکو سەرجەم هاوچینەکانی، لەسەر بنەمای هێزی کاری هەرزان و نەبوونی هیچ یاسایەکی کار سامان و قازانج کەڵەکە دەکەن.

لەسەر بنەمای روتاندنەوەی خەڵک و تالانکردنی گیرفانی خەڵک بەناوی پشکی پرۆژەکانیانەوە دەوڵەمەند بووە بەمرۆژە گەیشتوە، ئێستا خێرە وا بووە بە لایەنگرو خەمخۆری مافەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و هەژاری کوردستان!؟ گومانی تێدا نیە کە چ بانگەشەکانی شاسوار، بەهەمانشێوەی بانگەشەکانی سەدر، هیچ پەیوەندیەکیان بە ماف و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو بەشمەینەتی عێراق وکوردستانەوە نییە و ئاکامەکەشی گەندەڵکردن و بێبایەخکردنی نارەزایەتی بەرهەقی خەڵکە دژی دەسەڵاتی گەندەڵ و نایەکسانی بۆرژوازی و هیچی دیکە.

هاتنە مەیدانی خەڵک کاتی بەقازانجی خۆی دەبێ ئاسۆو ئامانجێکی رۆشنی هەبێت بەئاراستەی دەربازبون بێت لەم سیستەمە سیاسییەی کە چەندین ساڵە بۆتە مۆتەکەی سەرشانی خەڵک و لێی نابێتەوە. خەڵک دەبێ دروشمی کۆتاییهێنان بەم سیستەمە سیاسیە بەرزکاتەوەو بەعەمەلی بۆی بێتەمیدان، لە ڕێزێکی فراوانی جەماوەریدا خۆی ڕێکخراو بکات و چیتر ئەو قەوانە سواوەی هەڵبژاردن گوێ لێنەگرن و دەسەڵاتی راستەوخۆی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا سەقامگیربکات. ئەوە تاکە چارەسەرە بۆکۆتاییهێنان بەم وەزعە بێزارکەرەی ئێستا.

٤/٨/٢٠٢٢

# لە سیڤەرەوە بۆ لۆزان، بەدرۆخستنەوەی چەواشەکاریەکان ؟

## مستەفا باهیر

لە ٢٤ تەمموزی ئەمساڵدا، ٩٩ ساڵ تێپەری بەسەر پەیماننامەی لۆزاندا. بەو بۆنەیەوە کۆمەڵی پارتی سیاسی ، رۆشنبیر، سیاسەتمەدار، هونەرمەند، ئەکادیمی لە لۆزان، لەو هۆڵەی کە پەیماننامەکەی تیا واژۆ کرابوو، کۆنفرانسێکیان ئەنجام دا. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کەسانێک خۆیان بە چەپ دەزانن، بەڵام دژی لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەرن، ئەو دژایەتیە وایلیکردن راستیەکان چەواشەبکەن و هۆی دروست نەبونی دەوڵەتێک بۆ کوردەکان یاخود گۆرینی پەیماننامەی سیڤەر بۆ لۆزان، بخەنە ئەستۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو خودی لینین. بۆیە لێرەدا بە پێویستم زانی لەو بارەیەوە ئەگەر بە کورتیش بێت کۆمەڵێک زانیاری بخەمە روو.

پەیماننامەی سیڤەر: ئەم پەیماننامەیە لە نیوان دەوڵەتی (تورکیا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، ئەرمنستان، بەلجیکا، پۆلەندا، یۆنان، رۆمانیا، سربیا، کرواتیا، پورتوگال، چیکۆسلۆڤاکیا ، ئەمریکا) لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠دا لەسیڤەر لە فەرەنسا واژۆکرا."شەریف پاشا" وەک نوێنەری کوردا بەشدار بوو. ئەم پەیماننامەیە لە ١٣ بەش و ٤٣٣ بەند پێک هاتبوو، لە بەندی ٣ دا مادەکانی ( ٦٤،٦٣،٦٢) راستەوخۆ باسی کوردو ئایندەی کوردەکانی کردوە و باسی ئەنجامدانی راپرسیەک دەکات لە ناوچە کوردنیشینەکاندا سەبارەت بە سەربەخۆ بوون یاخود مانەوە لەگەڵ تورکیادا.

"مستەفا کەمال ئەتاتورک" پێش واژۆکردنی پەیماننامەی سیڤەر، لەلایەن سوڵتانی عوسمانیەوە دەکرێت بە فەرماندەی سوپای ئەنادۆل. دوای ئەوەی دەستبەکاردەبێت لەوناوچەیە، لەگەڵ کۆمەڵێک لە فەرماندی سەربازی دژی داگیرکاری بەریتانیا و یۆنان دەوەستنەوە . "کەمال ئەتاتورک" نامە دەنێرێت بۆ هەموو سەرۆک هۆزە کوردەکان و داوایان لێدەکات کە پەیوەست بن بەسوپاکەیەوە، بۆئەوەی بە هێزی هەموان سوپای کافران لە وڵات دەربکەن. لەهەمان نامەشدا بەڵێنی بە کوردەکان دابوو ئەگەر بتوانین هەموومان پێکەوە وڵاتەکەمان لە کافران پاک بکەینەوە، ئێمە سەربەخۆیی دەدەین بە کوردەکان. نامەکان هەمووی بە سۆزێکی دینیەوە نوسرابوون. تیایدا دەڵێت "شەڕکردن دژی کافرەکان جیهادە و پێویستە هەموو موسوڵمانێک لەم جیهادەدا بەشداری بکات". هەربۆیە بەشێکی هەرە زۆری هۆزە کوردەکان پشتیوانی خۆیان بۆ کمال ئەتاتورک دەربڕی. لەوکاتەدا "شێخ محمودی حەفید" لە سلیمانی، یەکێک بوو لە رابەرە هەرە بەناو بانگە کوردەکان. پشتیوانی خۆی بۆ کەمالیەکان دەربڕی و دژی ئینگلیزەکان جەنگی راگەیاند.

لەدوای واژۆکردنی پەیماننامەی سیڤەر، کەمال ئەتاتورک رازی نەبوو بەو پەیماننامەیەو دژی وەستایەوە. بەردەوام بوو لەهێرشکردنە سەر ئینگلیز و یۆنانیەکان. هەمیشە نامەی دەنارد بۆ هۆزو سەرکردە کوردەکان بەناوی جیهادەوە هانی دەدان بۆ بەشداری لەجەنگدا. کەمالیەکان بەهاوکاری هۆزە کوردەکان توانیان شارۆچکەی رەواندز بگرن و ئۆزدەمیر کە فەرماندەی سوپاکە بوو، کرا بە بەرپرس و حوکمڕانی ناوچەکە. بەشێک لە هۆزە کوردیەکان لە ساڵی ١٩١٩ تا ساڵی ١٩٢٢لەناوچەی سلیمانی و دەوروبەری بەرپرسە ئینگلیزەکانیان دەکوشت و دەچون پەیوەست دەبوون بەکەمالیەکانەوە لە رەواندز.

ئینگلیزەکان بەباشیان زانی شێخ محمود، لە دوای شەڕی دەربەندی بازیان بەدیلی کەوتبوە دەستیان، بگەرێننەوە بۆ سلێمانی، بۆئەوەی کوردەکان دژی تورکەکان بجەنگن. لەساڵی ١٩٢٢شێخ محمودیان لە هندستانەوە هێنایەوە بۆ سلێمانی و حکومەتێکیان بۆ دروستکرد. داوایان لێکرد دژی تورکەکان بجەنگێت، بەڵام شێخ محمود و بەشێکی زۆری هۆزە کوردیەکان بۆ شەڕکردن لە گەڵ کافراندا دووبارە پشتی کەمال ئەتاتورکیان گرت. شێخ محمود نوێنەری تایبەتی خۆی کە "رەفیق حیلمی "بوو نارد بۆ ئەنکەرە بۆلای کەمالیەکان. ئینگلیزەکانیش "سمکۆی شکاک"کە یەکێک بوو لە رابەرانی کورد لە ئێران و پەیوەندی خۆشبوو لەگەڵ ئینگلیزەکان، ناردە لای شێخ محمود تا دووری خاتەوە لە تورکەکان. سمکۆ بۆ ماوەی ٤٠ رۆژ لەسلیمانی بوو، بەڵام لەکارەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو. شێخ لەوکاتانەدا بەردەوام هاوکاری ئۆزدەمیریان دەکرد لە رەواندز. هەربۆیە ئۆزدەمیر بەهاوکاری کوردەکان توانی شاری رانیەو کۆیە داگیر بکات. بەکورتی کوردەکان بوون بە گەورەترین پاڵپشتی کەمال ئەتاتورک و سەرسەخترین دوژمنی ئینگلیزەکان .

لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بەدەسەڵات گەیشتنی بەلشەفیەکان، پرسی کۆتایی هاتن بە جەنگی ئیمپریالیستی یەکەم یەکێک بوو لە پرسە سیاسیە هەرە سەرەکیەکان چ لە پەیوەند بە خەڵکی روسیاوەو چ لە پەیوەند بە دەسەڵاتی حکومەتی کرێکاریەوە لە روسیا. خواستی وەستاندنی شەڕ یەکێک بوو لە خوستەکانی خەڵکی روسیاو هۆکاری سەرەکی بەرپابوونی شۆڕشی شوباتی ١٩١٧. لینین وبەلشەفیەکان بەڵێنیان دابوو کە هەرکاتێک ئەوان دەسەڵات بگرن کۆتایی بەو جەنگە دەهێنن. ئەگەرچی دەسەڵاتەی حکومەتی کاتی بۆرژوازی کۆتایی بەجەنگ نەهێنا، بەڵام کاتێک بەلشەفیەکان دەسەڵاتیان گرت دەستبەجێ هەنگاویان بەو ئاقارەدا

هەڵگرت. ئەوەبوو لە مانگی ئازاری ١٩١٨ لە بریست –لیتۆفسک، حکومەتی سۆڤیەت بەرابەری بەلشەفیەکان و لینین پەیماننامەی ئاشتییان لەگەڵ ئەلمانیاو نەمساو تورکیا واژۆکرد. پەیماننامەکەش لەمێژوودا بە پەیماننامەی "برست-لیتۆفسک" دەناسرێت. لینین ئەم پەیماننامەیە بە پەیماننامەیەکی ناچاری و تاڵانکاری ناودەبات و بەناچاری بەشێک لە خاکی یەکێتی سۆڤیەت دەدرێت بە ئەڵمانیا.. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە بێجگە لە بەجێگەیاندنی خواستێکی سەرجەم خەڵکی ڕوسیا کە کۆتایی هێنا بە جەنگ و بەرقەرارکردنی ئاشتی بوو، هاوکات پاراستنی حکومەتی کرێکاری بوو لە فەوتان کە هەم دووچاری جەنگێکی ناوخۆیی کرابوو، هەم سوپای ٢١ دەوڵەتی سەرمایەداری لەناویاندا بەریتانیا و ئەمریکاو فەرەنساو ژاپۆن و یۆنان و.... پەلاماری دەوڵەتی سۆڤیەتیان دابوو، بەشێک لە خاکی سۆڤیەتیان داگیرکردبوو. یۆنان بە ١٠٠ سەد هەزار سەباز بەشداری کردبوو لەدژی حکومەتی کرێکاری و بەشێک لە خاکی سۆڤیەتی داگیرکردبوو لەوانە ناوچەی ستراتیژی دۆرگەی قەرەم(کریما).

لەوکاتەشدا کەمال ئەتاتورک و هێزەکەی دژی بەریتانیاو یۆنان لەجەنگدا بوو. کەمال ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٢٠ نوێنەری خۆی "بەکرسامی" دەنێرێت بۆ مۆسکۆ. پاش گفتوگۆکردن، هەردولا ڕێکدەکەون کە هاوکاری یەکتر بکەن بەرامبەر بە دوژمنی هاوبەشیان. هەر لەوکۆبونەوەیەدا ڕوسیا بەڵێنی کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی دەدات بە کەمالیەکان. لە ١٦ ئازاری ١٩٢١ لە مۆسکۆ پەیماننامەیەک بەناوی پەیماننامەی مۆسکۆ واژۆ دەکەن بۆ کۆتاییهێنان بە پەیماننامەی برست – لیتۆفسک کە لەساڵی١٩١٨ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی واژۆیان کردبوو.

دوای ئەوەی کەمالیەکان توانیان سوپای یۆنان لە وڵات بکەنەدەرەوە و سولتانی عوسمانی لەکاربخەن و شکست بەهەموو هێرشەکانی سوپای هاوپەیمانان بێنن، حکومەتێکیان لە ئەنکەرە دروستکرد و ڕێکەوتننامەی سیڤەریان ڕەتکردەوە کە لە لایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە واژۆکرابوو. بڕیار درا سەر لەنوێ لە شاری لوزان دانوسان لە نێوان تورکیا و دەوڵەتانی هاوپەیمانان بکرێت. ئەم دانوسانە پەیماننامەی لۆزانی لێکەوتەوە.

پەیماننامەی لۆزان : دانوسان لە نێوان بەریتانیاو یۆنان لەلایەک و تورکیا لەلایەکی ترەوە لەساڵی ١٩٢٢ دەستیپێکرد. کۆمەڵێک دەوڵەتیش وەک چاودێر ئامادەبوون. "یوسف زیا پاشا" کە ئەوکات نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بوو لە سوید، وەکو کوردێک بەشداربوو، داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد دەکرد. بەڵام "عیسمەت ئینۆنۆ" سەرۆکی وەفدی تورکیا ئامادە نەبوو هیچ تەنازولێک بکات، هەربۆیە کۆبونەوەکان پەکی کەوت. موستەفا کەمال ئەتاتۆرک دوو کوردی تری دەستنیشان کرد "برنج زادە فەوزی بەگ و زولفو زادە زولفو" وەکو نوێنەری کورد. ئەمانە ڕازیبون بەوەی کە کورد لە گەڵ برا تورکەکانیان پێکەوە لە تورکیا بژین. ڕازیبوون کە عیسمەت ئینۆنۆ (کە سەرۆکی وەفدی تورکیا بوو) بەناوی تورک و کوردەوە قسە بکات. هەروەها لەناو پەرلەمانی تورکیاوە لە ئەنکەرە "حسن خەیری" سەرۆکی کوتلەی کوردی بە پۆشاکی کوردیەوە چوە ناوپەرلەمان و لەوێ وتارێکی داو تیایدا دەیووت" کوردو تورک بران و ئێمە دەمانەوێت لەناو یەک وڵاتدا بژین سەربەخۆیمان ناوێت." نوینەری کوردەکان لە پەرلەمانی ئەنکەرە ٧٢ کەس بوون، هیچیان داوای سەربەخۆیان نەدەکرد. ئەوانەشی کە داوای سەربەخۆیان دەکرد بە نەفام باسیان دەکردن.

بەم شێوەیە کەمال ئەتاتورک لەڕێگای کۆمەڵێک پەرلەمانتاری کوردەوە ئەو پەیامەی گەیاندە بەشداربوانی کۆنگرەی لۆزان، کە ئەوەتا کوردەکانن نایانەوێت سەربەخۆ بن. سەرەنجام لە ٢٤ ی تەمموزی ١٩٢٣ لە سویسرا لە شاری لۆزان پەیماننامەکە واژۆکرا، کە لە ١٤٣ مادە پێکهاتوە و هیچ مادەیەکی تیا نەبوو لە بەرژەوەندی کورد بێت. بەمشێوەیە کوردەکان هیچ دەستکەوتێکیان لەم پەیماننامەیە دەست نەکەوت.

ئەگەر سەیرێکی ئەم مێژووە بکەین، دەبینین بەلشەفیەکان و خودی لینین نە لەپەیماننامەی سیڤەر و نە لە پەیماننامەی لۆزاندا هیچ دەورێکیان نەبوە. بەڵام لەو کاتەدا کە دەوڵەتانی ڕۆژاوا کە بە بەرەی هاوپەیمان ناودەبران، خەریکی بەشکردنی ناوچە کوردیەکان بوون بەسەر (تورکیا ،عێراق ، سوریا و ئێران)دا، بەلشەفیەکان مافی سەربەخۆییان دا بەو خەڵکە کوردزمانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی کرێکاریدا دەژیان و لە ٧ تەمموزی ١٩٢٣ دا دەوڵەتی کوردستانی سوور ڕاگەیاندرا.

لێرەوە دەردەکەوێ کە ئەو بانگەشەیەی هەندێ کەسی بەناو چەپ دژی لینین و حکومەتی سۆڤیەتی دەیکەن هیچ بنەمایەکی مێژوویی و ڕاستەقینەی نیەو لە هەڵبەستنی درۆیەکی سیاسی زیاتر نیە. لەوکاتەدا خودی سەرکردەو بەناو نوێنەرانی کورد پشتیوانیان لە ئەتاتورک کردوەولەو کاتەدا هیچ شەڕێکیان لەگەڵیدا نەبوە. ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی سۆڤیەتی و تورکیاش هیچ پەیوەندی بە پرسی کردەوە نەبوە، بەڵکو ڕێکەوتنێک بوە لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا بەرامبەر بە دەوڵەت و هێزێک کە دژی هەردوولا جەنگی بەرپاکردوە ئەویش دەوڵەتی یۆنان بووە. هەروەها بۆ کۆتایی هێنا، بە پەیمان نامەی بریست – لیتۆفسک کە عوسمانیەکان واژۆیان لەسەر کردبوو لە جێگای ئەو پەیمان نامەی مۆسکۆ لەگەڵ کمالیەکان واژۆکرا.

**سەرچاوەکان:**

١/ چیم دی یاداشتی ئەحمەد خواجە بەرگی ١ بۆ ٤
٢/ یاداشتی ڕەفیق حلمی
٣/ کورد تورک عەرەب/ یاداشتی سیسیل جۆن ئیدمۆندس.

# دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە پێشێلکردنی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکە!

بەپێی هەواڵێک کە لە میدیاکانەوە بلاو کراوەتەوە، دوابەدوای بانگەوازەکەی سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ بۆ خۆپیشاندانێک لە هەرێمی کوردستان، دوێنێ هێزێکی ئەمنی لە نێو شاری سلێمانی هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی هەندێک هەڵسوڕاوی جولانەوەکە و ژمارەیەک خۆبەخش و کادیر و بەرپرسیان دەستگیر کردووە کە هیمداد شاهین وتەبێژ و فاروق غەفور ئەندامی ئەنجومەنی باڵای جولانەوەکەیان لە ناویدایە.

ئەم کارەی هێزە ئەمنیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ رێگرتن لەو خۆپیشاندانە، کردەوەیەکی سەرکوتگەرانە و دژ بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان.

هاوکات ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەیە ئەوە راستیە دەسەلمێنێ کە یەکێتی نیشتمانی و حزبە دەسەلاتدارەکان، لە ترسی راپەرینی خەڵکی تورە و ناڕازی کوردستان، ئامادەن هەڵسوڕاوانی سەر بە حزبەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا سەرکوت بکەن و بیانخەنە زیندانەوە. ئەمەش بەر لە هەر شتێک بۆ چاوترسێنکردنی جەماوەری ناڕازیە تا هەر ناڕەزایەتیەکی خۆیان بۆ خواستە بەرهەقەکانیان سەربەخۆ نەهێننەمەیدانەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە مافی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین مافێکی بێ ئەملاولای خەڵکی کوردستان و هەر لایەنێکی سیاسیە.

ئێمە لە کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا ئیدانەی ئەم کردەوە سەرکوتگەریانەی هێزە ئەمنیەکانی یەکێتی نیشتمانی دەکەین و گرتن و دانانی رێگری لەبەردەم هەر ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانێکدا بە پێشێلکردنی ئازادی سیاسی و رادەبڕین دادەنێین، هاوکات داوا دەکەین دەست بەجێ گیراوەکان ئازاد بکرێن.

**کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
٥/٨/٢٠٢٢

# راپەرینی خەڵکی سریلانکا و دوبارەبوونەوەی راستیەک!

## نوری بەشیر

قەیرانێکی ئابوری و سیاسی کە یەخەی وڵاتی سریلانکای گرتووە، هەمان قەیرانی سیستەمی سەرمایەدارییە کە یەخەی زۆرێک لەوڵاتانی گرتووە، کە نەهامەتیەکانی بەسەر خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگادا دەشکێتەوە. ئەم قەیرانانە لەهەر وڵاتێکدا بەجۆرێک یەخەی سەرمایەداری دەگرتێت و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکیش بەپێی هەلومەرج و ئامادەییەکان و ئاستی ناڕەزایەتیەکان لەخوارەوە شکڵ دەگرێت و پێدەنێتە مەیدانەوە.

ناڕەزایەتی گەورەی جەماوەری سریلانکا کە بۆ ماوەی ١٠٠ رۆژ لەسەرتاسەری وڵاتدا بەردەوام بوو، بەتایبەت لە کۆڵۆمبۆی پایتەختدا، ناوەندەکانی دەسەلات و شوێنی سەرانی دەسەلات گەمارۆ درابوو، تا سەرەنجام سەرۆکی ئەو وڵاتەیان ناچار بە هەلاتن کرد. ئەم ناڕەزایەتیانە بەدژی هەلومەرجی نالەباری ژیان و گوزەران بوو لەلایەن فەرمانڕەواکانی بۆرژوازی ئەو وڵاتەوە بەسەر خەڵکدا سەپێنراوە و لەم سالانەی دواییدا بەشێوەیەکی ترسناک زیادی کردبوو.

بەهۆی کەمیی پێدوایستیە رۆژانەییەکانی خەڵک لە دەرمان و سوتەمەنی و خۆراک و کارەبا و بەنزین، لەلایەک و بەرزبوونەوەی بێکاری و هەژاریەکی زۆر و هەروەها بەرزبوونەوەی رادەی هەڵئاوسان بەجۆرێک کە گەیشتبوە نزیکەی لە سەدا شەست، دۆخی ژیانی خەڵک بە تەواوی رووی لەنابووتبوون کردبوو.. رێکخراوی خۆراکی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەوە دەکاتە کە نزیکەی ٥ ملیۆن کەس لە دانیشتوانی سریلانکا پێویستیان بە کۆمەکی خۆراک هەیە و زۆربەی خێزانەکان ناتوانن لە رۆژێکدا خواردنی تەواو بخۆن. ئەو وڵاتە لەژێر قەرزێکی زۆری سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدایە و لە مانگی نیساندا قەرزە دەرەکیەکانی ٥١ ملیار دۆلار بووە.

لەماوەی ئەو چەند مانگەی ناڕەزایەتی جەماوەریدا دەسەلاتدارانی بۆرژوازی سریلانکا دەستیان نەپاراستووە لەگرتن و راونان و کوشتنی خۆپیشاندەران و روخاندن و سوتاندنی جێگەورێگەی رابەرانی خۆپیشاندەران. بەلام هەموو ئەوانە نەیانتوانی پاشەکشە بە ناڕەزایەتیەکان بکەن. رۆژ بەرۆژ بڵێسەی خرۆشانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش بەتینتر دەبوو تا سەرەنجام لەسەر بانگەوازی رابەران و هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکان و بەتایبەت دەوری چەپەکان، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی گشتی لە کۆلۆمبۆی پایتەخت، سەربار رێگریەکانی هێزە سەرکوتگەرەکانی سەربازی و ئاسایش و

چەقۆکێشەکانی دەوری سەرۆککۆمار و سەرۆک وەزیران وەزیری بەگری، لەڕۆژی ٩ی تەمووزدا بەڕێوە چوو کە دەیان هەزار کەس خۆیان گەیاندە پایتەخت و توانیان کۆشکی سەرۆککۆمار دەست بەسەردا بگرن. بەدوای ئەودا ماڵی سەرۆک وەزیران و چەندین سەرانی دیکەی دەوڵەت و باڵەخانەی تەلەفزیۆنی فەرمی وڵات بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە.

بەدوای دەست بەسەراگرتنی کۆشکی سەرۆککۆمار (گوتابایا راجابکسا) لەلایەن خەڵکەوەو هەڵاتنی ناوبراو بۆ دورگەی مالدیف، وە نیشاندانی ئەم دیمەنانە لە ناو کۆشک و شوێنەکانی حەوانەوەی سەرۆک و نیشاندانی جۆرەها سەیارەی گرانبەها کە نرخەکانیان دەگاتە دەیان ملیۆن دۆلار، ئیتر دەسەڵاتداری بۆرژوازی ئەو وڵاتە لەوە گەیشت کە ڕێگایەکیان لەبەردەمدا نەماوە بۆئەوەی پێش بە پەرەگرتنی نارەزایەتیەکان و توندبونەوەی قەیرانی سیاسی سەرەنجام سەرکێشانی بۆ شۆڕشێکی جەماوەری کە تەختی دەسەڵاتی بۆرژوازی لە ریشە هەڵکەنێت، دەستیان دایە مانۆری سیاسی و بە قوربانیکردنی سەرۆککۆمار ویستیان تورەیی خەڵک دابمرکێننەوەو دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن. ئەوەبوو دوای هەڵاتنی سەرۆککۆمار، سەرۆک وەزیرانیان وەک جێگرەوە دیاریکرد، بەڵام خەڵک ئەمەی قبوڵ نەکرد و سەرەنجام سەرۆک وەزیران و بەدوایدا وەزیری دارایش ناچاربوون دەست لەکاربکێشنەوە!

بۆرژوازی دەسەڵاتدار و بەیارمەتی بۆرژوازی دەرەکی و بەپێی ئەزمونێک کە لە شۆڕش و خرۆشانە جەماوەریەکانەوە بەدەستیان هێناوە، بۆئەوەی دەسەڵات لەدەست بۆرژوازیدا بمێنێتەوەو نەکەوێتە دەست خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەت، سیناریۆیەکی دیکەیان خستەڕێ ئەویش ئەوەبوو کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە بانگەوازی ئەوەبکەن کە سەرۆککۆمار لەناو نوێنەرانی حزبەکاندا هەڵبژێردرێت. بۆ ئەومەبەستە چەند کەسیان دیاریکرد و لە کۆتاییدا لەناو پەرلەمانەوە (رانیل ویکریمیسینگ) وەکو سەرۆکوەزیران هەڵبژێردرا.

لەڕوانگەی بۆرژوازیەوە ئەمانە هەموویان لەناو خێزانی بۆرژوازیدان و هەرکامیان هەڵبژێرێت، مانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی مسۆگەر دەکات.

سەرباری نارەزایەتی خەڵک بەرامبەر بەم تەرحە، بەڵام دواجار (رانیل) وەکو سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا کە چەندین دەورە لە لەدەسەڵاتدا بووە و بەشداربووە لە هەموو نەهامەتیەکانی خەڵکدا.

بەدوایدا لەژێرناوی بەشداری هەموو هێزولایەنەکان بۆ باشکردنی باری ئابووری وڵات و پاراستنی ئاسایش، هێزەکانی خۆیان لە سەرباز و پۆلیس هێنایەوە مەیدان و کەوتنە پاشەکشە بە خۆپیشاندەران و نارەزایەتیەکان و دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوان و بەمەیشەوە نەوەستان، دەستیان کردە هێرشکردنە سەر ماڵان و نوسینگەکانی ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەت چەپەکان و رابەران و هەڵسوڕاوانیان و تاڕادەی قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی لایەنە چەپەکان و هەوڵدان بۆ قەدەغەکردنی چالاکیەکانیان.

بەتایبەت کە لەدەورەی نارەزایەتیەکاندا هەندێ لایەنی چەپ بە چەند دروشمی وەکو؛ هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوراکان، بەڵێ بۆ پێکهێنانی شوراکانی گەڕەک و هەروەها هەموو کۆنەپەرستان دەبێت دادگایی بکرێن، ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو.

ئەوەی لە سریلانکا ڕوویدا دووبارەبوونەوەی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی عێراق و لوبنان و پێشتریش وڵاتانی باکوری ئەفریقایە، لەوەی توانیان دەسەڵات ناچاربکەن بە ئاڵوگۆڕ لە شێوازی حکومەتدا، بەڵام نەگەیشتە گۆڕانکاری لە خەسڵەتی حکومەت و دەسەڵاتدا. لە سریلانکا هەروەکو ئەو وڵاتانە ڕوخسارەکانی سەرەوەی دەسەڵاتیان گۆڕی، بەڵام جەوهەری ئەوانیان نەگۆڕی! هیچیان دەستیان نەبرد بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی و دامەزراندنی دەسەڵاتدارێتی جەماوەری. هۆکاری سەرەکی ئەم کەمبودەش بەتایبەت نەبوونی هوشیاری سیاسی چینایەتی و ڕێکخراوبوونە کە مەرجی ئەساسی سەرکەوتنی ئەو بزوتنەوانەیە لەبەرژەوەندی خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەتی کۆمەڵگادا. هەڵبەت نزیکەی ١٠٥ ساڵ لەمەوبەر کرێکاران و جەماوەری بەشمەینەتی ڕوسیا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئەو ئەزمونەیان بەدەست هێنا کە خەبات و نارەزایەتیەکانیان دژی ستەم و نایەکسانی بەسەرکەوتن بگات، ئەویش ڕێک دابینبوونی ئەو دوومەرجە بوو، کە لەلایەکەوە چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش خاوەنی ڕادەیەک لە هوشیاری سیاسی چینایەتی و سۆشیالیستی بوون و لەلایەکی دیکەوە خاوەنی ئاستێک لە ڕێکخراوبوونی سیاسی و جەماوەری بوون کە شوراکان و هەروەها حزبی بەلشفەی بوو بە ڕابەری لینین.

کەواتە بۆئەوەی نارەزایەتیەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش لەپێناو باشترکردنی ژیان و گوزەران و کۆتاییهێنان بە چەوساندنەوەو نایەکسانی سەرمایەداری، چەندباره توشی سکست نەبنەوە، پێویستی بە هوشیاری و ڕێکخراوبوون هەیە، پێویستی بەوەیە کە جەماوەری زەحمەتکێش و چینی کرێکار لەژێر سایەی سیاسەتی هێزو حزبە بۆرژواییەکان کە لەژێرناوی ئۆپۆزیسۆندا خۆیان بەخواستەکانی ئەوانەوە هەڵدەواسن ، دەربازببن و هوشیاربن بە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆیان و لە دەوری سیاسەتی ڕادیکاڵی کۆمۆنیستی خۆیان ڕێکخراو بکەن لەناو شورا و سەندیکاو نەقابەکانی خۆیاندا و لەدەوری حزبی پێشڕەوی کۆمۆنیستی بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان و گۆڕانکاری لە ژیان و گوزەرانیان و ژێرەوژوورکردنی سەرجەم دەسەڵاتی سەرمایەداری و دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆسیالیستیە لە شوراکانی خۆیاندا، کە کۆتایی بەهەموو نەهامەتیەکانی کۆمەڵگا دێنێت.

★

# کۆڵەکە و هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە:

## بەشێک لە بەڵگەنامەی " مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"

**پەسەندکراوی کۆنگرەی(٥)ی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کانونی یەکەم(دیسەمبەر)ی**

* لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، شۆڕشی کرێکاری تاکە وەڵامی شۆڕشگێڕانەیە بۆ سەرجەم کێشەکان و کۆتاییهێنان بە نایەکسانی و ستەم و چەوسانەوە. لەمڕۆی کوردستاندا، چینی کرێکار وەکو هێزی ئەسڵی ئەم شۆڕشە گەشە و پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە؛ هەم لەڕووی زیادبوونی ژمارەی ئەو بەشە لە دانیشتوان کە ناچارن هێزی کاریان بفرۆشن بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن؛ هەم لەڕووی چاوکرانەوە و درککردن بە بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز و سەربەخۆیان؛ هەم لەڕووی ئاشنابوون بە زانست و تەکنەلۆژیا و چوونەسەری ئاستی هوشیاری سیاسی و ڕێکخراوبون و شێوەکانی خەباتەوە. ئەمە هێزی لەبن نەهاتوی شۆڕشی کرێکارییە، کە ئەو شۆڕشە دەکاتە کارێکی کردەنی. بەڵام سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە گرەوی ئەوەدایە کە ئەم چینە لە ڕیزی سەربەخۆی خۆیدا، هەم لە حزبی کۆمۆنیستی و هەم لە شورا و سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییەکاندا ڕێکخراو و یەکگرتوو بێت،چ بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەران و داخوازییە ڕۆژانەکانی و چ بۆ بەدەستەوە گرتنی ئاسۆ و سیاسەتی سۆشیالیستی و گێڕانی ڕۆڵی پێشەنگی گشت جەماوەری ستەمکێش لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا.

* ئامرازێکی سەرەکی شۆڕشی کرێکاری بیناکردنی حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی کرێکاریی کۆمەڵایەتی بەهێز و ڕیشەدارە، حزبێک کە سەرجەم ئۆرگانە ڕابەرییەکانی لە ئاستی سەراسەری و مەحەلیدا، ڕاستەوخۆ بەشێک بن لە ڕابەریی بزووتنەوەی کرێکاری، حزبێک کە بەشی پێشڕەوی چینی کرێکاری لەخۆیدا سازدابێت و بە کردەوە ئامرازی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار بێت دژی نیزامی سەرمایەداری، حزبێک کە ڕابەرایەتییەکی سیاسیی کۆمۆنیست بۆ کۆمەڵگە مسۆگەر بکات، بە بەدیل و ڕێگاچارەی خۆیەوە لە سەنتەری کێشمەکێشی سیاسی لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگە ڕاوەستێ، ئامراز و هۆکارێک بێت بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار، بەدیلی سۆشیالیستی بکاتە خاوەن سەنگێکی بەهێز لەناو چینی کرێکار و بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکاندا.

* بەردەوامبوونی بارودۆخی ئێستا ئاکامی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم و باڵادەستیی نەریتی ناسیۆنالیستییە لە کۆمەڵگەدا. ناسیونالیزم لە کوردستاندا تەنها ڕۆڵی ئایدۆلۆژیایەکی گشتی بۆرژوایی ناگێڕێ، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتە. بۆیە پێشڕەویی هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەم کۆمەڵگەیەدا ڕاستەوخۆ بەندە بە لاوازکردنی نفوزی فکری و سیاسی ناسیۆنالیزم، وەکو کۆڵەکەیەکی سەرەکی هەلومەرجی ئێستا و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، وە وەلانانی نەریتەکانیەوە. هەروەها بەندە بە دابرانی جەماوەری کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و حزبەکانی و بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا. بۆیە پەرەدان بە هوشیاری و باوەڕ و نەریتی کۆمۆنیستی و ڕووبەڕووبوونەوەی ناسیۆنالیزم لە هەموو مەیدانێکی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، مەرجی جیاکردنەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازە لە ئاسۆ و نەریت و بەدیلە بۆرژوازییەکان.

☆

## ئامانجی حزب:

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە پێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی.**

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا، دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لەهەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# ڕێگاچارە هاتنەمەیدانی سەراسەری جەماوەری ناڕازیە بۆ ڕامالێنی ئەم دەسەڵاتە!

**بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەپەیوەند بە بانگەوازی بزوتنەوەی "نەوەی نوێ" وە بۆ خۆپیشاندان**

لەگەڵ قوڵبوونەوەی قەیرانی حکومەتی لە عێراق و تەقینەوەی ناکۆکیەکانی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی و لێکترازانی "ماڵی شیعە" و بانگەوازی سەدر بۆ خۆپیشاندان و داگیرکردنی پەرلەمان، شاسوار عەبدولواحیدی سەرۆکی نەوەی نوێش سەری لەژێرعەباکەی سەدرەوە دەرهێنا و کەوتە بانگەواز بۆ خۆپیشاندانی سەراسەری لە شارەکانی کوردستان. ئەم کارەشی بە خۆهەڵواسین بە خواستەکانی جەماوەری زەحمەتکێشەوە دەکات و سواربوونی شەپۆلی تورەیی و ناڕەزایەتیەکانیانی کردۆتە ڕێگایەک بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵات تا پەلە بکەن بۆ بەرپاکردنی هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی کوردستان.

بەمجۆرەش شاسوار عەبدولواحید و حزبەکەی دەیەوێ هاوشێوەی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان ناڕەزایەتی و خواستە بەرهەقەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بکاتە پەیژەیەک بۆ هێنانەوەی کورسیەکانی پەرلەمان.

شاسوار عەبدولواحید و جوڵانەوەکەی کە کۆڕپەی باوەشی هەمان ئەو سیستەمەیە کە کۆمپانیاکان لەسەری دەلەوەڕێن و بەری ڕەنجی خەڵکی بەتاڵان دەبەن، چ خۆی وەک سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیایەک و چ حزبەکەی وەک نوێنەری بەشێک لە چینی سەرمایەدار و دەوڵەمەند، ناکۆکی لەگەڵ دەسەڵات لەسەر بەتالان بردنی دەسڕەنجی ملیۆنەها کرێکار و جەماوەری مەحروم و ستەمدیدەی کوردستانە و ئەویش وەک هەر حزبێکی بۆرژوازی دەیەوێت خۆی لە قاڵبی خەمخۆری و ئازارەکانی جەماوەردا دەربخات و هەستیان ببزوێنێت و یاری بە داخوازیەکانیان بکات و لەکێشمەکشیدا لەگەڵ دەسەڵات، ناڕەزایەتی و نەفرەتی خەڵک لە دژی دەسەڵات و سیستمی مەوجود، بکاتە ئامرازێک بۆگەیشتن بە ئامانجی ئەوەی کە هەڵبژاردنێک بکرێت و ببێتە خاوەنی کورسی و دەنگێکی زیاتر و دەموچاوەکانی ئەوان ببنە میراتگری هەمان سیستەمی بەتاڵان بردنی داهاتی کۆمەڵگە. ناڕەزایەتیەکانی خەڵکیش بکاتە بەردەبازێک بۆ گەیشتنی زیاتر بە کورسیەکانی دەسەڵات. بەم جۆرەش کارێک کە ئێستا نەوەی نوێ و سەرۆکەکەی بەشوێنیەوەن هەمان ئەو گەمە سیاسیەیە کە پێشتر تاقیکراوەتەوە و بەرهەمەکەشی جگە لە بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتی خەڵک و هێشتنەوەیان لە سایەی هەمان ئەو سیستەم و دەسەڵاتەدا کە سی ساڵە ژیانی خەڵک دەهاڕێت، هیچی تر نییە.

**جەماوەری ناڕازی، خەڵکی کرێکار و بێبەش!**

لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا بە خۆپیشاندان و بەرزکردنەوەی داخوازی سودێکی نییە و ئەنجامێکی نابێت، ئەویش لەسەر بانگەوازی لایەنێک کە خۆی بەشێک بێت لەو سیستەمەی کە حزبەکانی دەسەڵات پارێزەرین. تەنانەت هەموو حزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمانیش، بە خودی حزبەکەی شاسوار عەبدولواحیدەوە ئەو ڕاستیە باش دەزانن کە دەسەڵات نە گوێ بە داخوازی خەڵک دەدات و نە حسابێک بۆ خۆپیشاندانی "مەدەنی و ئاشتیانە" دەکات. خۆپیشاندانێک کە شاسوار عبدولواحید و حزبەکەی بانگەوازی بۆ کردووە نەک هیچ پەیوەندیەکی بە هاتنەمەیدانی ئێمە خەڵکی ناڕازی و خواستەکانمانەوە نییە کە ساڵانێکە مەیدانی شارەکانمان بۆ گرتووە، بەڵکو یاریەکی گڵاو و فریودەرانەیە و هەوڵێکە بۆ ئەوەی جەماوەی تورە و ناڕازی کوردستان وەک هێزی خۆی نیشان بدات و لەم ڕێگایەشەوە دەستی خۆی لە دەسەڵات و داهاتی زیاتری کۆمەڵگە گیربکات.

ڕێگاچارەی دۆخی ئێستای کوردستان تەنها بە هاتنەمەیدانێکی ئامادە و ڕێکخراو و بە جوڵانەوەیەکی بەرچاوڕۆشن و سەربەخۆ بۆ ڕامالین و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی تالانکار و ستەمگەری ئێستا و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پشتبەستوو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەر کە دەستبەجێ داخوازی و ئاواتەکانی خەڵکی کرێکار و بەشمەینەتی کوردستان لە بەرنامەیدابێت مەیسەرە. بێگومان لەم ڕێگایەدا خۆجیاکردنەوەی ڕیزەکانی جەماوەری ناڕازی و خۆئامادەکردن و ڕێکخراوکردنی ڕیزەکانمان لە دەوری بەدیل و ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانە و سۆشیالیستی کاری دەستبەجێیە..

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە تەواوی تواناوە بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ئەم ڕێگاچارەیە تێدەکۆشیت.

**٣ ی ئابی ٢٠٢٢**

**بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ ڕێکخراوبوون و کۆبونەوە لەدەوری هێڵێکی سیاسی ڕادیکاڵی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بە سەرکەوتن ناگات!**